لە بڵاوکراوەی هاوپشتیی کرێکاریی ژمارە 8دا بڵاو کراوەتەوە

# ژنانی کرێکار خوازیاری زیادکردنی موچەو دابینکردنی دایەنگان

ئامادەکردنی بەڵێن ئیسماعیل



ژنانی تەونکار لە کوردستان وێنەیەک لە ئەرشیفەوە

هاوپشتیی کریکاریی لەسەروو بەندی 8ی مارسدا بە مەبەستی دەرخستنی هەندێک لایەنی کێشەو گرفتەکانی ژنانی کریکارو کارمەندی کوردستان سەردانی یەکێک لە فەرمانگەکانی شاری سلێمانی کردو سەبارەت بە مووچەو هەلومەرجی کارو گرفتەکانی ژیانی ژنان گفتو گۆی لەگەڵ چەند کەسدا کرد، بەرجەستە ترین کێسەکانی ژنان کەمی مووچە یاخود بێ بەها بوونی لە ئاست گرانی بازاڕدایە، نیگار شوکر وەلی ئەگەر چی وەک خۆی دەڵێت موچەکەی باشە، بەڵام هەر بەشی مەسرەفی ڕۆژانەی دەکات نیگار دەڵێ: " من بەشێکی موچەکەم دادەنیم بۆکرێی خانوەکەم، بەشێکی بۆ حەزانەی مناڵەکەم، کە ئەمەش مەبلەغێکی زۆرە هەتا مانگی داهاتوو دێتەوە، هیچی وامان بۆ نامێنێتەوە" هەر لەم بابەتەوە هەوار حەمەڕەشید ئاوا دوا" ئەو مووچەیەی کە من وەریدەگرم بەشم ناکاو زۆرزۆر کەمە کە مووچەی فەرمانبەر وەریدەگرین لەئاست خزمەتی ئێمەدا نیە موچەیەکی کەمە ئەوەی من وەری دەگرم بەشی گوزەران ناکات، خەرجی ژیان زۆر زیاترە، لەبەرئەوەی من خێزانم هەیە چەند مناڵم هەیە" پریخان ئیسماعیلیش ئاماژەی بە هەمان گرفت کردو ووتی ": من تازە تەعین بوم هەموو معاشەکەم (280)هەزارەو بەشی رۆژانەم ناکات".

کێشەیەکی تر کە بە شیوەیەکی گشتی کێشەی هەموو ژنانی کرێکارو کارمەندە دایەنگای مناڵانە، وەک ئاشکرایە حکومەت لەم بارەیەوە زۆر بێدەربەستەو کارێکی ئەوتۆ بۆ وەڵامدانەوە بەم کێشەیە نەکراوە. نیگار لەم بارەیەوە دەڵی: "بەحساب وەزارەت خۆی حەزانەیەکی هەیە بەڵام ئەوەنیە چونکە مناڵێکی زۆری تیایەو چەند کارمەندی کەمیان بۆ داناوە لەبەرئەوە بەکەڵکی ئەوە نایەت منالی بۆبەری!" دیارە بێدەربەستی حکومەت بەشێک لە ژنان وا لێ دەکات کە هاندەرێکی بەهێزیان بۆ کارکردن نەبێتو ئەوانەشی کار دەکەن ناچار دەبن بەشیکی زۆری داهاتی کارەکەیان بۆ فەراهەمکردنی دایەنگای ئەهلی بۆ مناڵەکانیان دابنێن.

لەم بابەتەوە پرسیارمان لە کاک سیروان عومەر محەمەد بەڕێوبەری بەڕێوبەرایەتی بەکارخستنو ڕاهێنانی پیشەیی کرد کە وەک بەڕێوبەرایەتی لەسلێمانی چەند هەوڵتان داوە بۆ ئەو کرێکارو ئافرەتانەی لەناو دائیراکاندان کە منداڵیان هەیە دایەنگایان بۆ دروست بکەن یان یارمەتییەکیان بدەن؟ ئە لە وەڵامدا ووتی: " سەبارەت بە دایەنگای منداڵان تا ئێستا نەچۆتە بواری جێبەجێکردنەوە لەبەرئەوەی هەندێ دەوائیر دوو یان سێ منداڵی تێدابێ، چونکە ناکرێ بۆ دوو سێ منداڵ دایەنگا بکرێتەوە. بەڵام بەڕای من پێویستە دایەنگا حکومیەکان لەشاری سلێمانی زیاد بکرێو منداڵانی فەرمانبەرانی تێدا وەربگیرێ. بایەخ بەو فەرمانبەرە ژنانە بدرێ، چونکە ناکرێ دایەنگا بۆ هەموو دائیرەیەک دروست بکرێ، ئەوە زەحمەتە، بەڵام وەزارەتی کاروباری کۆمەڵایەتی کە ئێمەش سەر بەو وەزارەتەین خۆی لەقەزاو ناحیەکان بەناو شاری سلێمانیشەوە دایەنگایان هەیە، دەکرێت ئەو دایەنگایانە زیادکەن بۆ ئەوەی گوشاری مادی لەسەر فەرمانبەران لاچێ، ئەو کەسەش دڵنیا ئەبێ چونکە دڵەڕاوکێ زیان لە کارو کاروبارەکان ئەدات. دایەنگا هەبێت کارمەندی ژنیش خەیاڵی زۆر ناچێ بەلای منداڵەکەیداو کارەکەی چاکتر ئەنجام دەدات.

ژنانی کارگەر لە کوردستان وەک زۆری تر لە کۆمەڵگاکانی جیهان سەرەڕای ئەرکی زۆرو کاری تاقەتپروکێنی دەرەوە ئەرکی منال بەخێوکردنو

کاری ناومالّیشیان لەسەرە، بۆ ماڵەوە گەڕانەوە بۆ ژنانی کارگەر لە جێگای حەسانەوەو پشوودان فەسڵێکی تری ڕەنجدانو زەحمەتکێشانە هەوار حەمە ڕەشید لەم بابەتەوە ووتی: " بەڕاستی ئافرەت ئەگەر دەوام بکاو کاری ماڵەوەش بکا ئەوا زۆر هیلاک ئەبێ چونکە لـە کۆمەڵگـای ئـێمەدا پیاو سالاری باوکسالاریو مێردسالاریو کوڕسالاریە. لەبەرئەوەی هەردوو کارەکەو زیاتریش دەبێ بکات. کاری خۆیو لە سەروو ئەوەشەوە کـاری منداڵەکانیو هاوسەرەکەی. لەبەرئەوە پێم باشە ئەوەی ژنە حوکمەت لای لێ بکاتەوە ژن ئەرکی زیاترە لەکچ بەوەی موچەی زیاتری باتێو چەنـد مانگێ پشووی هەبێ لەساڵدا. ژن لەئاستێکی نزم دایە هیچ خزمەتێ ناکرێ لەلایەن دەسەڵاتەوە."

هەموو ژنانی کارمەنـد ئومیـدەوار بـوون کـە هەشـتی مـارس هانـدەرێک بێـت بـۆ ئـەوەی کێشـەکانیان بـە هەنـد بگیرێـت بـەڵام لـە سـایەی ئـەو هەلومەرجەی لە کوردستان هەیە گەشبینیەکی ئەوتۆ لـە لایـان بـەدی ناکرێـت هـەوار دەڵـێ : " پێویسـتە ڕێزێکـی زۆر لەئـافرەت بگیـرێ نـەک بەچاوێکی کەم سەیری بکرێو پاڵی پێوە بنرێ بۆ خۆکوشتنو خۆسوتاندن یان لێی بدرێ. چـونکە ئـەم حاڵـە لەکۆمەڵگـای ئـێمەدا بەردەوامەو بڕوانەکەم بەو زوانەش چارەسەر بکرێ."